# الخضر:ئەلخزر-خزر) ئەو ناوەی لێنرا، چونکە (کاتێک) لەسەر زەوییەکی سپی چۆڵ دانیشت؛ (زەوییەکە) گۆڕا بۆ سەوزایی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «(الخضر:ئەلخزر-خزر) ئەو ناوەی لێنرا، چونکە (کاتێک) لەسەر زەوییەکی سپی چۆڵ دانیشت؛ (زەوییەکە) گۆڕا بۆ سەوزایی».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە (الخضر:ئەلخزر-خزر) ئەو ناوەی لێنرا، چونکە کاتێک لەسەر زەوییەکی سپی چۆڵ و وشک دانیشت؛ زەوییەکە گۆڕا بۆ سەوزایی، ئەمیش بەهۆی دەرچوونی گژوگیای سەوزەوە، و (الخضر:خزر) لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە لە چیرۆکی موسا لە سورەتی -الکهف-، وزانایان یەکدەنگ نین سەبارەتی ئایا پێغەمبەر بووە یان پیاو چاک بووە، بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە کە پێغەمبەر بووە، لە زمانی عەرەبیدا بە ڕەنگی سەوز دەووترێت: (أخضر)؛ وناوی (الخضر:خزر)یش لەمەوە هاتووە هەروەکو لەم فەرموودەیەدا باسکراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10995

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee